سودانی: پەیوەندی دۆستانە لە نێوان بەغداد و واشنتۆن لەسەر بنەمای دیالۆگی بنیاتنەر دامەزراوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: پەیوەندی دۆستانە لە نێوان بەغداد و واشنتۆن لەسەر بنەمای دیالۆگی بنیاتنەر دامەزراوە، و جەختیشی لەسەر پێویستی دوورکەوتنەوە لە هەر هەنگاوێکی تاکلایەنە لە دەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندی و ڕاوێژکاری کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موت□□ع کەوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێگەیشت. لەمیانەی پەیوەندییەکەدا باسیان لە ڕێگاکانی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و درێژەدان بە هەوڵە هاوبەشەکان کرد بۆ ئامانجی چەسپاندنی هاوبەشی قووڵ و فرەڕەهەندی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، ئەمنی و سەربازیدا.

بەگوێرەی بەیاننامەکەی سەرۆك وەزیران، پابەندبوونی حکومەتی عێراقی دووپاتکردەوە بە درێژەدان بە هاوکاریی دووقۆڵی و هەنگاوان بەرەو پێشەوە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنانەی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، پەرەپێدانی کەشێکی سەرنجڕاکێشی وەبەرهێنان بۆ بازرگانی، و ڕەخساندنی

کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان و کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە عێراق، بەرجەستەکردنی دیدگای هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات.

سودانی تەئکیدیکردەوە: کە پەیوەندی دۆستانە لە نێوان بەغدا و واشنتۆن لەسەر بنەمای گفتوگۆی بنیاتنەر و پەیوەندی بەردەوام لە ڕێگەی چەندین کەناڵەوە دامەزراوە، ئەمەش بەرژەوەندی هاوبەش بەرز دەکاتەوە و متمانەی یەکتر دەچەسپێنێت، لە چوارچێوەی ڕاوێژ و هەماهەنگی بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان، جەختیشیکردەوە: لە پێویستی دوورکەوتنەوە لە هەر هەنگاوێکی تاکلایەنە لە دەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندی و ڕاوێژکاری.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە: هەروەها هەردوولا تاوتوێی مەرجە دەستوورییەکانیان کرد بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، لەگەڵ ئەوەی سەرەك وەزیران پابەندبوونی حکوومەتی دووپاتکردەوە بە بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسی بە شێوەیەك کە سەقامگیری سیاسی و گەشەسەندنی بەردەوام لە عێراقدا بچەسپێنێت.